## بیرەوەریەكانم

پارێزەر
فایق جەمیل

### بەشی یانزەم

گەرماو ئەویش لە شاری كۆیە داب ونەرەتی خۆی هەبو بە تایبەتی لە بونەكانی فامیلی ، دوگەرماو لە كۆیە هەبون ، گەرماوی بەفریقەندی بریتی بو لە گومبەتێ گەورە بەسەر هۆلێك دا لە ناوەراستی حەوزێكی گەورەی ئاوی سارد ، لە لایەكی هۆلەكە چەند تەختەیكی بلند بۆ جل گۆرین لە لایەكەی دی هۆلێ بچوك گەرم وپر هالاو بە چەند ئینجانەو جورنەی ئاوی گەرم وسارد لە گەلێ بەردێ چوارگۆشەی نزم بۆ دانشتنی خۆ شۆرەكان هەروها تاتە شۆرو جامی فافۆن وكۆتك بە داواكردن موس ودەرمانی لەش پاك كردنەوە هەندی جار لیفەو سابون ئامادە دەكرا هەش بو لەگەلێ خۆی ئەیهینا . هەروها بە تەك شوینی خاوەن گەرماو چایخانەیەكی بچوك چایەو شیرو ترشی و دارچین بە داواكردن پیشكەش دەكرا .لە لایەكی دی گەلێ لە خۆشۆران پەشتە مالی حەمامیان بۆ خۆ ئیشك كردنەوەبە كار دەهینا واتە پەشتەماڵەكە گشتی بو بۆیە ئەم پەشتەماڵە بووە مەسەلۆكە بۆ ئەمانەی كە هەردەمە بە لایەك خۆیان نوساندووە ئەڵین بوتە ( پەشتەماڵی حەمام ) واتە هەردەمەی بە یكەكەوەیە . كولخانەی گەرماو بە تەپارەو قشپل و زبل گەرم دەكرا ، كەڵەكەی پاشماوەی سوتەمەنی ( مشكی ) بلندی چی لە گومبەتەكە كەمتر نەبو بوبوە شوینی گەمە و یاری منالان ، گەرماو لە بەرەبەیان تا چێشتانی درەنگ بۆ پیاوان لە دواییدا تا نوێژی عەسر بۆ ژنان تەرخان دەكرا. لە گەرماو چەند سەرشۆر هەبوون بە ( ناتر ) ئەناسران بۆ شۆرینی گەرماوكەران بە داواكردن وكرێی بەلاّم خێزانانی دەولەمەند ناتری تایبەت خۆیان هەبوبە كریێ مانگانە هەش بو بەساڵ پێویستیەكانی ژیانی سالانەی بۆ دابین دەكرا ئەمانە وەك یەك لە خێزان بێت وابو بۆیە لە بونەكانی خۆشی ناخۆشی لە خزمەت دابون . رۆژی گەرماوی خێزان پێویست بو سەرشۆر بوخچەی گەرماو كە لە قوماشی تایبەتی بەهادارو بە پولەكە وئاوریشم درواو لە گەل قودی لیفەو سابون و دەرمانی ژنان و چەند شانەی چوار گۆشەی دا ر كە دۆمەكان ئەیان كردو لە كۆلانان دەیان فرۆشت زو بەزو بیان باتە گەرماوەكە و شوێنی دابین كات ، هەروها قودی گەرماو لە مەعدەنی قەسدیر دروست دەكرا زۆر سوك ولەهەمان كات ئەم مەعدەنە ژەنگ ناگری . هەڵبەتە لە رۆژی بوك گواستنەوە گەرماو بە خلوەت دەگیردرێ واتە تایبەتە بە بوك و خزمان ودەستەخوشك و دۆستانی هەردو ماڵ هەروها زاوا دۆست وخزمانی لە هەمان رۆژ یا رۆژی پیشتر . شایانی وتنە رۆژی گەرماو رۆژی حەسانەوەی خێزانە لە هەمان كات هەلێك بو بۆ كوران ولاوانی دلدارو چاوباز هەروها كیژەش بە جل وبەرگی نایاب وجوان دەست وبازنی زێر خۆی ئەنواند تا رادەیەك گەرماو و رێگای گەرماو لە گەلێ بەستەو گۆرانی رەنگی دابۆوە . لە لایەكی دی گەرماوكردنی بەرەبەیان لای هەندێ پیاو جێی شانازی وپیاوەتی بو ، بۆیە بۆ خۆ پاراستن لە توانج و گاڵتە پێكردن گەلی پیاو هەرنەبی دو جار لە گەرماوی بەرەبەیان ئامادە دەبون . دوا وتە لە بارەی گەرماو ئەلێم لە سەفەرێكم بۆ ئەستەنبولێ لە موزەخانەیك ئەم ئامێرانەی گەرماو كە لە سەرەوە باسم كرد بەلكو زیاتریش بە دی دەكرێ هەروها لە موزەخانەی بەغدا وهەولیریش هەن .

بەش بە حاڵی خۆم هەندەم لە ناوی ( کۆیە وکۆیسنجق ) نە خۆێندوتەوو نە کەوتوتە بەرچاو بەڵام وشەی (سنجق ) عوسمانیە لە گەڵێ وڵاتانی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەم ناوە لە چوارچیوەی ئیداری بە مانای قەزا — کەمتر یا زیاتر — بە کار هاتوە .غەفوری میرزا کەریم لە کتێبی بیرەوەریەکانی بە ناو (کێوماڵی بە ناو بیرەوەریەکانمدا ) ئەڵی { لەشکری ئیسلام بۆبڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام هێرشێکی بەرفرەوانی لە هەولێرەوە کردە سەر ناوچەی جاڕ ( کۆی سنجەق ) ... کۆیە ، لە مێژو ئەم ناوەیە بە –– کۆی جاڕ — ناسراوە کاتی خۆی تورکەکانی دەوڵەتی عوسمانی ناوەکەیان کردووە بە ( کۆی سنجاق ) .. جاڕ بە واتەی ( جێگە ، شوێن ، مەلبەند ، لانە.. ) ..هەرە کۆنترینیان وشەی هاوجاڕ ، لە سەر وشەی هاوجاڕ وشەی لێکدراوی ترمان زۆر هەیە لەوانە گوڵجار — بریتیە لە پارچە زەوێك بە گوڵ وجۆرەکانی رازاوەتەوە وتەنراوە .. بە بیرو بۆ چونی من گولزاڕ لە ریشەدا گوڵجاڕ بووە رۆژگارتاوتۆی پێکردوە بەسەر زمانەوە سوراوە بوە بەوشەێکی ناسك وخۆش وبوە بەگوڵزاڕ ... بۆ نمونە (پیازەجار ، گۆجار ، نێرگزەجار ،ئەسپون جاڕ ، مەرەزەجاڕ ،گزرەجاڕ ، توتنەجاڕ ، گەنمەجار ..) . ئدی ئەوەی راست بێ ساغ کردنەوەی ناوی کۆیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەکی فرەوان ترە ئەمەش ئەکەوێتە ئەستۆی شارەزایان لە م بوارەدا .

گەرچی باوکم لە ساڵی 1900 لە کۆیە لە دایك بووە بەڵام رگێکی بۆ شاری کەرکوك دەگەرێتەوە — باوکی — عەلی فەندی لەکەرکوك لە دایك بووە ناسراو بە — عەلی شاڵی —{پشبەندی ئەستوری لە قوماشی شاڵ } بەستووە ، کورو نەوەی ئەم نازناوەیان بە خۆوە نەگرت ، لە تەمەنی لاوی دا بە فەرمانبەری دەوڵەتی عوسمانی گواستیتیەوە کۆیە هەر لەم شارەش ژنی هیناوە ،.عەلی فەندی جگە لە باوکم دو کوری بچوك تری هەبووە — جمال وعبد الستار — جەمال پۆلیسی سوارە بووە تاکە کوری بەناو — فاچل — فازل — چەندین ساڵ لە کۆیە شاگردی وەستا معروف بەربەر بو —( باوکی ماموستای خەباتگێر — محمد امین معروف )— بە دواییدا دوکانی بەربەری کردەوە — کوری جوانەمەرگ لە شەرەکەی برا کوژی شەهید بو لە پەرۆشی وغەمگینی کورەکەی هەندەی نەبرد سەری نایەوە . لە هەولێر سەردانی دەکردین لە بەغدا کەم تر. (عبد الستار)— عەبدولستار — بە پاشا — ناودەبرڕدرا چی بەچی نەکرد دەست وپێێ سپی بێ ژن و ماڵ وکاروکاسبی ، تا باوکم لە ژیان بوبە زۆری لای ئێمە دەحەواوە ، پاش مردنی باوکم کەوتە لای برا گەورەم (کەمال) ، لای خوشکی گەورەم تاوێ دی هەروها لە ماڵی ئامۆزای ( حەسەن نەجم ) لە کەرکوك ، پاشا قوربانی پەروەردەی خراپ ونالەباری دایك وباوکی بو –– پاشە بەرەو لەرادەبەدەرخۆشەویست بووە بە رادەیەك ناویان ناوە پاشا ، لە ساڵانی هەشتا کان لە هەولێر کۆچی دوایی کرد .

باوکم سێی مامی هەبوون ( تەیفور ، شەفیق ، نەجم ) ... حەسەن کوری نەجم لە تەمەنی هەشت ساڵی لە ماڵی باوکی لە شاری ( ماردین ) لە کوردستانی تورکیا جیا بویتەوە بە تەنیا خۆی بە خزمانی لە کەرکوك گەیاندووە پاش ئەم دوبرای ( مدحەت و شەوکەت ) . لە گەڵ حەسەن هاموشۆم زۆر خۆش بو گەڵێ جار لە کەرکوك لای ئەم لام داوە ، پیاوێ زاناو زیرەك هەڵکەوتو بە پێچەوانەی پاشای ئامۆزای بە دەست و بازو وماندوبونی خۆی پێگەیی ، خۆو کورانی خاوەن سامانێ زۆر ئەستورن لە کەرکوك پێشەکی بە دوکانەکەی پاقلاوەو کێك و گەڵێ جۆرە شیرنەمەنی بە ناو _ (حلويات الاگلس ) — شیرنەمەنی ئەتلەس — لە سەر شەقامی ئەتلەس ناسرا ، حەسەن بێ قوتابخانە فێری نوسین وخوێندن بو بە تایبەتی پیتەکانی لاتینی و نوسینی زمانی تورکی هەروها جگە لە زمانی تورکی دەوراست لە زمانی کوردی وعارەبی ، چەند ساڵێ وەك زۆربەی دەوڵەمەندانی کۆنە کەرکوکی حەسەن تورکچیایەتی کرد بەڵام بە پێچەوانەی منداڵەکانی زو خۆی لێی کیشاوە

بەرەو ئایین ، وابو مزگەوتی گەورەی لە گەرەکی ( عرفه ) عەرەفە — کە زۆربەی دانشتوانی مەسیحیین — دامەزراند بە ناو مزگەوتی ( حسن نجم ) لەم کات خەڵکی گەرەك بەرهەڵستی پرۆژەی مزگەوتەکەیان بە توندی کرد نارەزابون بە بونی مزگەوت لەم گەرەکە . ئەڵێن رۆژگار چەرخ وفەلەکە و بێ ئەمانە — حەسەن بۆی گێرامەوە کە ماوەکی زۆر لە فرن وپێشەنگای شیرنەمەنی وپاقلاوەو کێکی پیاوێ ( ئەرمەنی ) لە کەرکوك بە شاگرد کاری کردوە ، پاش چەندساڵێ رۆژێ خاوەنەکەی داوای لە حەسەن کردوە کە فرن ودوکانەکەی بفرۆتێ گەرچی حەسەن حەزی کردوە بەڵام غیرەتی رێی نەداوە کە شوێنی بگرێتەوە ، لە ئەنجام بە ناچاری بە فرۆشتن بۆی ماوەتەوە وحەسەن خێرێکی زۆری لێ دیوە ، کابرای ئەرمەنیش بۆ چەند ساڵێ بێ سەروشوێن تا رۆژێ پەیدا بوتەوە پەشوکاو بێ مودو کەساس تکای لە حەسەن کردووە بە شاگرد رایبگری ..! ، حەسەن هەر بە وەستای خۆی دەزانی جێ خۆی بۆ چۆل دەکات پێی ئەڵێ بگەرێوە وەزعی جارانت — من خاوەن دوکان نیم — کابرای ئەرمەنی قبول ناکات لە ئەنجام دا رۆژانەی بۆ دەبریتەوە ئەمیش تا مردنی بە دڵسۆزانە وەك شاگرد ئیشەکانی دەباتە سەر .

تورکچیایەتی حەسەن ومناڵانی نمونەیەکی زۆر زەقە لە بارەی هەستی نەتەوایەتی کە زۆربەی دەگەرێتەوە بۆ پەروەردەو وژینگەو بارودۆخ و دەراوپشتی کە منالێ لە ناویا گەورە دەبی و پێدەگات ژیان دەباتە سەر ، بۆیە زانست بە گشتی دوپاتی کردۆتەوە کە هەستێکی خۆیەتی و ئەسل وفەسل وخۆێنی پاك و نا پاك هیچ بناغەیەکی زانستانەی نیە . من لەم بروایەم گەر حەسەن نەجم —-وەك بنە ماڵەی باپیرەم — عەلی فەندی — لە کۆیە دامەزراباو هەر لەم شارەش ژنی هینابا خۆو مناڵانی ونەوەی لە چەشنی بەرەی عەلی فەندی دەبوون وخۆیان بە غەیرە کورد نەدەزانی . لە لایەکی دی — شەفیق — کە مامی باوکم بووە نازانم چۆن کەوتوبوە شاری ( دهۆك ) بیستم سەردەمێ — بەرێوەبەری یا کارمەند — بووە لە شارەوانی ئەم شارە هەر لەم شارەش ژنی عارەبی موسڵاوی هیناوە مناڵانی خۆیان بە عەرەب لە قەلەم دەدا ،( تەیفوری ) برای کەوتە وڵاتی تورکیا وەك حەسەن دەیگێرایەوە لە سەفەرەکانی بۆ ئەم وڵاتە سەردانی خێزانی مامیشی لە ئەستەنبول دەکرد هەڵبەتە خۆیان بەتورك داناوە . بە هەر حاڵ لەوتوویژەکانم لەگەڵ حەسەن وا دەردەکەوی کە بنەماڵەی عەلی فەندی واتە باوباپیرانی ئەگەرینەوە کوردستانی تورکیا بە تایبەتی شاری ( ماردین ) .هەرچۆنێك بێت ئەڵێن دونیا بۆ کەس نەمایەوە لە پوختەکردنی ئەم بەشە بووم هەواڵی کۆچی دوایی حەسەن نەجم گەیشت لە هەشتا ساڵ رەت بوبو .

لەهاوینی ساڵانی سەرەتای پەنجاکان هەندێ ژمارەی مولك وزەوی بەرەی باوکم لە خزمانی لە کەرکوك دەست کەت ، منیش بۆ تۆژینەوە لەم مولکانە سەردانی ( کەریم عەزین) م کرد کە فەرمانبەری دایرەی (مەساحە ) بو لە تاپۆی کەرکوك ، کەریم هەم دراوسێ وهەم هاوقوتابی بونە لە گەڵ براگەورەم (کەمال ) ، پاش لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەت کە گشتی مولکەکان دەمێکە بە ناوی دو خێزانی تورکمانی دەوڵەمەند ودەسەڵاتدار ( ئاوچی و نەوتچی ) تاپۆ کراون لەددەست دەرچوون ، لەم مولکانە کە لە یادم ماوون شۆێنی ئوتێلی (سەمیرامیس )ی ئێستا کە لە کاتی خۆی ئاشی ئاوبووە لەسەر بەستی خاسەی کەرکوك بە ناوی ئاشی ( عیسا گاور ) ئەم پیاوە بۆ چەندین ساڵ ئاشەکەی گێراوە هەروها (جوت حەمام وشۆێنی دەرمانخانەی شیفا (شفا )ی ئێستا لە گەرەکی ئیمام قاسم وخانوێك لە قەڵای کەرکوك ) سەیربو خزمێ بە ناو ( رەفیقی ) نانەوا — باوکی نەوزاد — دکتۆری ددان لە هەولێر لەم سەردەمە ، ئەم خانوەی بە کرێ گرتبو جارێ بە رێکەوت بە مێوانی دو شەوی لا مامەوە بێ ئەوەی بزانین کە ئەم خانوەیە لێی دەتۆژمەوە .

پێش زیاترله بیست ساڵ له بەغدا چاووم به — عەبد جاسم — کەت لەم کات بێگومان حەفتا ساڵی تێپەراند بو له دانشتنەکەمان باس هاته سەر بنه ماڵەی باوکم :وتی من عەلی فەندی باپیرتم دی بو ، بەرێوەبەری دارایی ناوچەی کۆیه ، پیاوێ چوارشانەو روو پان وسمیڵ گەورە ، قەننەکەی ئەمەندە درێژ بو ئەبوا پیاوێ لەم سەر بۆی ئاگر دات.

به ناوهینانی — عەبد جاسم — ئەم پیاوە به رێزو ئازایه شایانه هەندێ له بارەی خێزانی بدوێن ، له گەڵ برای به ناو — عبدولموتەلب — عبد المگلب — له تەمەنی هەرزەکاری له شاری تکریت گواستنویانەتەوە شارۆچکەی ( ناحیه ) ی تەقتەق ( گقگق ) له قەزای کۆیه له سەر قەیاغەکەی — کەڵەك— ی زێی تەقتەق — له جوگرافیه ئێژن — الزاب الصغیر — واته زێی بچوك — کاریان کردووه بۆ پەرینەوەی خەڵکان ومەروماڵات و شتومەکی بازرگانی ، بەش بەحاڵی خۆم چەند جارێ بەم کەڵەکه پەریمەتەوە ، وابزانم له ساڵانی شێستەکان بو پردێ ئاسن له سەر زێیەکه دروست کرا . ئیدی پاش چەند ساڵێ له شاری کۆیه سەقامگیر بوون هەر لەم شارەش خێزانیان پێکهیناوه ، عەبد جاسم سێ کوری هەبوون { خیر الله —خێرولا } کوری گەورەی لەسەر ئەرکی وەزارەتی بەرگری کۆلێجی دختۆری له ( پاپلوجی ) — پاسەلۆجی — له بەریتانیا تەواو کرد هەر لەم وڵاتەش ژنێ ئینگلیزی مارە کردبو به پلەی دختۆری عەمید — عمید — لەئەرتەشی عیراق له بەغدا دامەزرابو له هەمان کات — تاقیگەی پزیشکی له ساحەی نصر—کردبۆوە ، چەند جارێ سەردانم کرد پیاوی مەندو بەسەنگ وبەرێز — له هەشتاکان له سەدەی رابوردو به پەیرەوی قانونی رژیمی فاشستی بەغدای ئەوسا ئەبوا ژنه کەی بیانو — تەلاق دات یا له ئەرتەشی نەمینێت ، ئەم به خۆو هاوسەری به پەڵە عراقیان بۆ بەریتانیا به جێهێشت ، پاش چەندساڵێ کەم قەدەر مەودای نەدا خێزانی به نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد . وەك بیستم خیرولا تا ئەم رۆژگارە نه گەراوەتەوە وڵات .

اکرم—ئەکرەم —ی کوری دووەمی له ئەرتەشی عیراق به پلەی عمید — عەمیدی تۆپچی — گەیشت ، ئەفسەرێ لێوەشاوەو ئازاو به جەرگ ،خاوەن بیروباوری مرۆڤایەتی وئایینی وعەسکری راستەقینه . بۆی گێرامەوە له کاتی هێرشه درندانەکانی رژیمی فاشست بۆ سەر خاکی کوردستان ئەم ئامیری هێزێکی تۆپدار بو له ناوچەی رەواندوز وبالەکان داوای لێکراوە ئەم ناوچەیه بێ هیچ پەروازەیەك تۆپ باران کات ، ئەم نەیکردوە چونکه گشتی شارستانی و گوندو دێهات بوون به تارگێتی عەسکەری نەزانیوه ،هەڵبەته ئەم هەڵوێستەی — ئەکرەم — له لای رژیم به خیانەت له قەڵەم درا یەکسەر دەستی له کار کێشرایەوە بۆ رێخۆشکردنی بەرەو دادگای عەسکەری وئیعدام کردنی . باوکی — عەبد جاسم — زو به خۆ کەت به دەوراستی و رێزی وجەسوری خۆی وخزمانی له پیاوانی تکریتی به تایبەتی ( گاهر یحیی )تاهیر یەحیا { وا باو بو که بەرەسەن کوردە و له گەڵ عەبد جاسم ئامۆزان یابن ئامۆزان } — سەرۆك وەزیری پێشو وگەلێ دی ، توانی ئەکرەمی کوری له ئیعدام رزگار کات ، خانەشین کراو له بەغدا جێنشین بو لەم ماوەیه چەندجارێ به یەك دەگەیشتین هەستم کرد که متمانی نەبو به پیاوەدرندەکانی دەسەڵاتدارترسی هەبو که لابەلا لەناوی بەرن ،ئیدی من دابرام و وبیستم که به نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد و هەروەك بیستم کوری گەورەی ( نمیر ) وا دەمێکه له دەرەوەی وڵاته .

کوری سێ یەمی — سامی ناو ، ئەوەی راست بێ جارێ له بەغدا له ماڵیان له خزمەت باوکیان ناسیم که مامۆستای شێوەکارە . له هەمان کات غازی کوری ( عەبدولموتەڵیب) ناوبراو لەم ماوەیەی که له دەزگای روشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی له بەغدا کارم دەکرد ئەمیش فەرمانبەربو له هەمان دەزگا به (وێنەگر ) پیاوێ بەرێزو هێمن وچوست وچالاك له

کارەکانی . لە کۆتایی ئەڵێم ئەم بەرە بابە پەروەردەی کۆیەن هەستی کوردایەتیان زۆر بەرز دور نابینم کە ئەکرەم بە شەهیدی راستەقینەی شۆرشی کوردستان لە قەڵەم بدرێ .